# ئامادةبووني دووبارةي دكتؤر روئيا تلووعي لةدادطاي سنة:

رۆژی دووشەممە 5ی گوڵانی 2705 دیسان دوکتۆر روئیا تلوعی نووسەر و چالاکی بواری مافی ژنان لەگەڵ وەکیلەکەی خاتوو زارا ئەرزەنی لە لقی چواری لێپرسینەوەی دادگای گشتی و ئینقلابی سنە ئامادە بوو. خانم ئەرزەنی وەکالەتنامەکەی تەسلیم بە قازی کرد و بڕیار درا دیسانەوە لە رۆژی نۆیەمی مانگی داهاتو لە دادگا ئامادە ببنەوە. خاتوو روئیا بە قەراری دە ملوێن تمەن ئازاد کراوە تا حوکمی دادگاکەی دەردەچێ. دووخاتونی چالاکی بزاڤی ژنانی ئێران بریتی لە خاتوو زارای ئەرزەنی و خاتوو نەسرین ستوودە وەکالەتی خاتوو روئیایان لە ئەستۆ گرتوە. تاوانی دوکتۆر روئیا وتوێژ لەگەڵ رادیۆ بییانییەکانە. جێگەی باسە کە قازی دادگا لە پێش‌چاوی وەکیلەکان، چەندین جار هەرەشەی لە دوکتور تلووعی کرد و بەتایبەت داوای لێدەکرد کە بە هیچ شێوەیەک باسی چونی خۆی بۆ دادگا نەکات و پێوەندی لەگەڵ کەس نەگرێت و وەڵامی هیچ پرسیارێک لەم بارەوە نەداتەوە.

شایانی باسە بانگهێشتی ئەو هاوکاتە لەگەڵ بانگهێشتی دەستەیەک لە چالاکان و رۆژنامەوانانی رۆژهەڵاتی کوردستان. وا دیارە لە گەرماوگەرمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێراندا دەسەڵات کە تێگەیشتوە کوردەکان بە شانۆی ئیسلاح تەڵەبانی بە ناو کورد ناخڵەتێن و ئامادەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا نین، دەیەوێ تۆڵە بکاتەوە و ناوچەکە تووشی ئاژاوە بکات. دەسەڵاتدارانی ئێران کە مانەوەی خۆیان لە شەڕ و سەرکوت و ئاژاوەدا دەبینن بەشوێن بیانوویەکدا دەگەڕێن کە خەباتی مەدەنی ڕوو لە گەشەی کورد لەم ناوچەدا سەرکوت بکەن. شۆڕشی خوێناوی خووزستان و سەرکەوتنی کوردەکانی باشور دوو ئەوەندە دەسەڵاتی ئێرانی تووشی ئاڵۆزی و نیگەرانی کردوە. بەڵام باشترە بزانن چالاکانی کورد بەم سەرکوتانە مەیدان چۆڵ ناکەن و خەباتی مەدەنی بۆ مافەکانی گەلی کورد هەر بەردەوام دەبێت.

ئاریز، سەعات 20 ی 5ی گوڵانی 2705 ی کوردی
ماڵپەڕی هەڵوێست